بەرپرسانی هەرەم شکستیان هێناوە لە دادگاییکردنی دەستدرێژیکاران بە سەر مافەکانی ژنان

ڕێکخراوەی لێبوردەی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) ڕایگەیاندووە، بەرپرسانی هەرەم شکستیان هێناوە لە دادگاییکردنی دەستدرێژیکاران بە سەر مافەکانی ژنان، بە تایبەت لە حاڵەتەکانی وەک کوشتن، دەستدرێژی سێکسی، لێدان و سووتاندن, هەروەها داوای دابینکردنی بوودجەی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی ژنان دەکات.

ئەمنستی ئاشکرای کرد، کە ژنان کاتێک داوایەکی تاوانکاری تۆمار دەکەن، زۆر جار ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە لەلایەن هەرشبەر یاخود خێزانەوە، بە ئەوەی ناچاربن دەستبەرداری داواکەببن.

هەروەها ڕێکخراوەکە لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوخنەی توندیش لە ژمارەیەک دادوەر دەگرێت کە لە بەرژەوەندی پیاوان بەیار دەدەن، "سزای هێندێک تاوانبار بەپێی تاوانەکە بەیاری لەبارەوە نەداوە کە ئەمەش وایکردووە ژنان نایانەوێت بچنە دادگا".

بگورەی ئامارێک کە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردەی نێودەوڵەتییەوە باوکراوەتەوە، لەماوەی ساڵی ڕابردوودا 30 ئافرەت لە هەرەمی کوردستان کوژراون و لەساڵی 2022دا 40 ژن کوژراون نزیکەی شازدە هەزار سکاڵاش لەسەر توندوتیژی خێزانی لە هەرەمی کوردستان تۆمارکراوە.